# بانگەواز

**بۆ بەڕێزان**

**هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**سەرجەم پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان و عێراق**

**دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە کوردستان**

**سەرجەم ڕێکخراوەکانی دژ بە جینۆساید لە کوردستان**

**ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان**

**کەس و کاری قوربانیانی بێ سەرو شوێن لە فەیلی و بارزانی و ئەنفال و زیندانیان لە کوردستان**

**ئازادیخوازان نیشتمان پەروەران**

**ئێمە لە سەنتەری هەلەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆساید کردنی کورد بە نیگەرانییەوە دەڕوانینە ئاشکرا نەبونی چارەنوسی ئازیزە بێ سەروشوێنەکانمان کەوا سێ هەفتەیە دەسەلاتی نەگریسی بەعس ڕوخاوە بەلام تا ئێستا کەمترین زانیاری لە چارەنوسی ئازیزانمان بلاو نەکراوەتەوە لە کاتێکدا ژمارەیەك لە مۆرە گرنگەکانی دەسەلات گیراون. بۆ پالەپەستۆ دروست کردن لە سەر بەرپرسانی ئایندەی عێراق و ناساندنی کێشەکەمان بە بیرو ڕای جیهان بانگەوازتان دەکەین بۆ خۆ پیشاندانێکی جەماوەری لە شاری بەغدا لە بەردەم فندق فەلەستین لە ژێر ناوی (چارەنوسی بێ سەرو شوێنانمان دەوێت) . بۆ ئەم کارەش ئێمە لە سەنتەری چاك ژمارەیەك ئۆتۆمۆبێل ئامادە دەکەین بۆ گواستنەوەی دلسۆزان لە کوردستانەوە. بۆجێ بەجێ کردن ئەم کارەی پێویستمان بە هاوکاری هەموو لایەکە لە کوردستان.**

**چارەنوسی ئەنفالەکان بانگەوازمان دەکەن بۆ کارکردن.**

**چالاکی وا لەم ڕۆژەدا سەرباری گرنگی لە بواری ڕاگەیاندن کارێکی سیاسی مەزن و کاریگەری لە سەر چارەسەرکردنی کێشەی قوربانیانی جینۆسایدیش دەبێت لە دادگایی تاوانباران و قەرەبوو کردنەوەی زەرەروو زیانەکانیان.**

**بەهیوای هاوکاری هەموو لایەك.**

**سەنتەری هەلەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆساید کردنی کورد–چاك–**

**٢٩–٤**

**تکایە هەرلایەنێك دەیەوێت هاوکاریمان بکات لە ڕێگەی ئادرەسەکانی سەر ئەم سایدەوە وەلامان بدەنەوە. بەزوترین کات.**

[http://www.chak.info](http://www.chak.info)

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت